# سومبولی بارزانی

نووسینی: عەلی عەبدول
Ali_Abdulrahamn@yahoo.com

تێبینی: چەند بەشێکی ئەم نووسینە لە کتێبەکەی جۆنەثن ڕاندال وە وەرگیراوە کە پەیامنێری پێشوی ڕۆژنامەی واشنتۆنپۆست بووە و نووسەری چەندین کتێبە، کتێبێکی بەناوی (لەپاش زانیارییەکی وا، لێبوردنی چی؟) کە سەبارەت بەکوردە.

لەم نووسینەدا، ئەمەوێت چەند خاڵێکی زۆر گرنگ بخەمە ڕوو. کورد گەشتۆتە دۆخێکی زۆر ترسناک. ترسناکیی ئەم دۆخە زۆر لە دۆخی ئەنفال و هەڵەبجە تراژیدیاترە. دیکتاتۆرێکی فرەسەر و زۆر ترسناک لەنێو کورددا سەریهەڵداوە و گەشەدەسێنێت بەشێوەیەک کە ڕۆژێک دێت کورد بۆ پاراستنی گیانی خۆی و منداڵەکانی، کوردستان بەجێ بهێڵێت هەروەک چۆن دیکتاتۆرێکی وەک سەددام بووە هۆی کۆچکردنی سەدەها هەزار عەرەب بۆ پاراستنی گیانیان و وازیان لە قەوم و خاکیان هێنا، کوردیش بەهەمان شێوە. کورد ئەمڕۆ بەهۆی کێشەکانییەوە ئاگای لە بەردەوامیی بەهێزبوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بارزانییەکان نییە. ڕاستە ئێستە (وەک دەسەڵاتی سیاسی) بارزانییەکان ناتوانن بە کۆمەڵ خەڵک بکەنە قوربانی خێڵەکەیان ( هەرچەندە درێخیان نەکردووە لە بەقوربانیکردنی پێشمەرگە) بەڵام ئەو ڕۆژە نزیکە کە ئەنفال لەچاویدا ونبێت و بیربچێتەوە. مەبەستم لە بارزانییەکان تەنها نەوەی مەلا مستەفای بارزانییە کە هەریەکەیان سەرێکن لەم دەسەڵاتە بەردەوام گەشەسەندووەدا.

ئاشکرایە کە کوردستانی بارزانییەکان (بەرزانستان) کە هەولێر و دهۆک و ناوچەکانی دەوروبەری ئەگرێتەوە، هەمووی لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆیاندایە. بەڵام ئەوەی کە ئاشکرانییە و کەمێک وردبوونەوەی ئەوێت، مەرامی بارزانییەکانە، پلانیان بۆ داهاتوویان و تاچەند ئامادەن بێویژدانی بکەن دژ بە کورد بۆ سەرفرازی و بەرزبوونەوەی خۆیان و خێڵەکەیان.

ئەم نووسینە ئەکەم بە دوو بەشەوە، یەک بەش بۆ مەرامی نەوەی ئەمڕۆی مەلامستەفای بارزانی و بەشەکەی دیش سەبارەت بە سایکۆلۆجیا و خیانەتی مەلا مستەفای بارزانی خۆی ئەدوێم. ئەمڕۆ بەپێی پروپاگەندەی نەوەکانی، مەلا مستەفای بارزانی شتێکی لە پێغەمبەر کەمتر نەبووە. مەلا مستەفا جێنەڕاڵ بووە، هەستی شەشی هەبووە، هەڵۆی شاخەکان بووە، سەرکردەیەکی بێ سنوور زانا و ئاقڵ بووە، پێشبینی هەموو شتێکی کردووە، لە پێش پێشمەرگەکانییەوە شەڕیی کردووە و چەندین پروپاگەندی تر کە زۆربەیان لە پروپاگەندەی دیکتاتۆرە یەک لەداوی یەکەکانی مێژوو ئەچن و هەروەک بڵێیت پروپاگەندەی ئەو بەشانوباڵ هاتنەیان لەوانەوە وەرگرتبێت. کوردی باشووری کوردستان نابێت بێئاگا بێت لەم جۆرە پروپاگەندانە کە ماوەی زیاتر لە 30 ساڵ ڕۆژانە ئەمانبیست لە میدیاکانی بەعس کە سەددامی کردبووە پێغەمبەر.

بەشانوبالْ هەڵدانی دیکتاتۆرەکان بێ هۆ نەبووە، بەڵکو بەشێکی سەرەکیی پرۆگرامی مێشکشتنی خەڵکیی بووە (Brainwashing) و ملوێنەهای تێدا خەرجکراوە بۆ دروستکردن و بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەکانیان. نموونەی ئەو نووسەرە خۆفرۆشانەی کەلەم دواییەدا لە هەولێر لەلایەن بارزانییەکانەوە بەپارەی کورد کڕدران، لەبری خەرجکردنی ئەو پارەیە لە کردنەوەی قوتابخانەدا کە زۆر قوتابی بەسەرپیانەوە دەخوێنن لە هەولێر و چواردەوری. هەمان ئەو نووسەرانە بێگومان ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە پارەیان وەرگرتبێت و بێئەوەی بیرکەنەوە کە خەڵکێکی زۆر هەن ئەزانن کە سیستمی ئەم مافیایانە سستمی فیۆدڵیزمە Feudalism و دابەشکردنی زەوی و پارە و برینەوەی مووچە بۆ لایەنگرەکانیان بەشێکە لەم سستمە و خەڵاتی ئەمانە قەڵەم یاخود پەڕتووک نییە بەڵکو پارەیە.

هەرچەندە زۆربەی بارزانییەکان بەگشتی خۆێندەوارییان نییە، بەڵام زۆر بە سەرکەوتوویی پرۆگرامی مێشکشتنی Brainwashing کوردی ناوچەکەیان هەڵسوڕاندووە. مێشکشتن فانتازیا نییە، دیکتاتۆرە یەک لەدوای یەکەکانی مێژوو بەکاریان بردووە بۆ کۆنترۆڵکردنی میللەتان و بەکارهێنانیان بۆ بەدیهێنانی دەسەڵات و مەرامە شەخسیەکانیان و ئەزموونەکانیان لەبەردەستی کەسانی دەسەڵاتداری ئەمڕۆی وەک بارزانییەکاندایە.

پرۆگرامی مێشکشتن لەلایەن زۆر دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکانی مێژووەوە بەکارهاتووە بۆ سڕینەوە و سەرلەنوێ چنینەوەی بیروباوەڕیی خەڵکی بۆ بەرژەوەندی خۆیان. لەوانە ئەدۆڵف هیتلەر، سۆڤێتی یەکگرتووی کۆن، سەددام حسێن، کۆریای باکور و سەدەهای تر. مێشکشتن ئاسان نییە، نەخشە و مادده (پارە) ی ئەوێت. پلان و جێبەجێکردنی کاتێکی زۆری ئەوێت. بەڵام پێویستە ئێمە ئەوە لەیاد نەکەین کە بارزانییەکان زیاتر لە دەیەیەکە دەسەڵاتی تەواوەتیان بەدەستەوەیە. دە پانزەساڵ بەسە بۆ ئەنجامدانی ئاڵوگۆڕکردن و شێواندنی مێشکی خەڵکیی و بەتایبەت منداڵ. پاشان، جگە لە پارەی ئیبراهیم خەلیل کە ڕۆژانە ئەگەشتە ملوێنەها دیناری سویسری و هەروەها پارەی گومرگی ناوخۆ، پارەی خودی پارتی کە لەئێران و لیبیا و وڵاتانی غەربەوە بەناوی کوردەوە وەرگیراوە و چۆتە خەزێنەی شەخسیی بارزانییەکان، ئەوەی مادده بێت کێشە نەبووە بۆ بارزانییەکان بۆ ئەنجمدانی کارێک کە پارەی ویستبێت.

تا بارزانییەکان بتوانن دەسەڵاتیان پەرەپێبدەن و ئەو ئەگەرانەی کە بۆی هەیە ببێتە لەدەستدانی دەسەڵاتیان دوورخەنەوە و لەناویانببەن، پێویستییان بە بەرنامەیەکی چڕوپڕهەیە و ئەمەش، بەڕای من، بە بارزانییەکان خۆیان ناکرێت لەبەر نەبوونیی یاخود نزمیی ئاستی خوێندەوارییان. بۆ نموونە مەسعود بارزانی تەنها سەرەتایی و یەک دوو ساڵی دوای سەرەتایی خوێندووە، هەروەها نێچیروان بارزانی تەنانەت بەپێی قسەی خودی خۆی دبلۆمی ئێرانییشی تەواو نەکردووە کە ئەبێتە شەشی ئامادەیی کە بەبڕوای من و بەپێی قسەوهەڵسوکەوتی، زۆر لەوە کەمتری خوێندووە و داخۆ ئەوەی کە خوێندوویەتی سوودی چەندی لێ وەرگرتووە. کەواتە مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە کەسانێکی شارەزا هەن لەپشت ئەم بەرنامەی مێشکشتنەوەی (تۆزێکیتر باسی لێوە دەکەم) کە بەڕای من پسپۆڕی ڕووسین هەروەک کڕینی پسپۆڕی ڕووس لەم ڕۆژەدا ئاسانە لەپاڵ ئەو ڕاستییەی کە ئەزموونی ڕووسەکان بەیەکێک لە پێشخەری بەرنامەی مێشک شتن دادەنرێن.

پێشەکیی پێویستە باس لەو شتانە بکەم کە بۆی هەیە ببنە مەترسی بۆ لەدەستدانی دەسەڵاتی بارزانییەکان و بەنمونە و وێنە ڕوونی بکەمەوە کە چی بۆتە باوەڕی من بەبوونی بەرنامەی مێشکشتن لەلایەن ئەم خێڵەوە دژ بە کورد.

یەکێک لەو مەترسیانەی کە بۆی هەیە ببێتە لەدەستدانی دەسەڵات سومبولە (Symbol)، یاخود هێما. ئەگەر سومبولێک سەرنجی خەڵکی زیاتر ڕاکێشا لە سومبولەکانی لایەنێک، ئەوا ئەو سومبولە ئەبێتە مەترسیی بۆ ئەو لایەنە و بێگومان بۆی هەیە ببێتە شکستخواردن و لەناوچوونی ئەو لایەنە (ئەمەش بۆیە تورکیا تائێستەش سومبولی کوردی قەدەغەکردووە). نمونەی دیاری سومبول، یاخود هێما، ئاڵایە. من باش لەیادمە کە پارتی دیموکراتی کوردستان (عێراق) زۆر هەوڵیدا ئاڵای کوردستان لەناو پەرلەمان دانەنرێت. تەنها هۆ بۆ ئەو دژوارییەیان بۆ ئاڵای کوردستان، ترسی بارزانییەکان بوو بۆ ئەو سومبولە و مەترسی پێشبڕکێکردنی ئەو سومبولە بوو لەگەڵ وێنەی مەلا مستەفادا کە سومبولی دەسەڵاتی بارزانییەکانە. هەوڵدانیان زۆر دیار و ڕوون بوو بۆ تەنها هێشتنەوەی یەک سومبول، ئەویش کە وێنەی بارزانییە. پاش ئەوەش، و لەبەرەوکۆتایی شەڕی ناخۆش، هێشتا ئاڵای کوردستان بەوشێوەیە بەرزنەکرایەوە کە لەکاتی دوای ڕووخانی ڕژێم بەرزکرایەوە. سومبولی ئاڵا، ئاڵای کوردستان، بوو بوو بە کابووسی بارزانییەکان. ئەگەر زوو دەستبەکارنەبن، وێنەی مەلا مستەفای بارزانی و نەوەکانی زوو لەبیر ئەکرێن و ئەبێتە کزبوون و لەناوچوونی دەسەڵاتیان. لەناکاو و پاش زیادبوونی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لەلایەن ناسیۆنالستەکانەوە، سایکۆلۆجیای پارتی بەرەو میتۆدی تێکەڵاوکردن (Assimilation) کەوتەڕێ. ئەمەش ئەوەبوو کە لەگەڵ هەموو ئاڵایەکی کوردستان، وێنەیەکی مەلا مستەفای بارزانی بەرزئەکرایەوە بەشێوەیەک کە مرۆڤی بێئاگا پاش کاتێکی دیاریکراو، ئاڵای کوردستان و شەبەنگی بارزانییەکانی لێتێکەڵاو ئەبێت و ئاڵا و بارزانی ئەبنە یەک هێما، ئیدی کورد ئەگەریش تەنها ئاڵای کوردستان ببینێت یاخود بەرزیبکاتەوە، بارزانی دێتەوە یاد، کە ئەم دیاردەیەش بەزاراوەی Classic Conditioning ناسراوە لە سایکۆلۆجیدا.

بێگومان ئەم کارە مەرج نییە لەگەڵ ئاڵای سەر بارەگاو هەندێک شوێن کە ناتوانرێت یاخود ناجۆرە دانانی وێنە تێیدا، بەئەنجام بدرێت. ئەگەر بۆ لەمەودوا سەرنجی فێستیڤاڵەکان، هۆڵی کۆبوونەوەکان، تەنانەت قوتابخانەو ئۆفیسی فەرمانبەرەکانیش بدەیت لە میدیای پارتییدا، هەموو ئاڵایەکی کوردستان وێنەی بارزانییەک یان زیاتری لەگەڵ دانراوە وئەمەش سرووشتی نییە بەڵکو پارەیەکی زۆری تێدا خەرجئەکرێت و ئەگەر ئەو پارەیە ژمێربکرێت ئەوا بەو پارەیە سەدەها قوتابخانە و شوێنی گشتی تری پێدرووستئەکرێت.




لەو وێنەیەی سەرەوەدا کە لەسایتی KDP وە وەرگیراوە، وێنەی بارزانی تێکەڵ بە ئالای کوردستان کراوە. وێنەی بارزانی وەک سومبولی بارزانییەکان، ئاڵاکەش کە سومبولی موقەددەسی کوردە، ئەمەیە Assimilation . ئەمە تەنها نموونەیەکی زۆر بچوکە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی میتۆدی تێکەڵاوکردنە و هیچی تر.

کەسی نەخشەکێش و دانەری وێنەی بارزانی لە شوێنە تایبەت و گشتیەکاندا، کەسێکە جوان دراسەی ئەو شوێنە دەکات کە وێنەکەی لێدائەنرێت و بەوردی بیر لەوەئەکاتەوە کە شوێنێک هەڵبژێرێت زۆرترین کەس (بەتایبەت کەسی کورد) وێنەکە ببینن. هەوڵئەدەم تەنها دوو نموونەی جیاواز بە وێنەوە باسبکەم.

گەر سەرنجی وێنەی بارزانی، پشت تاڵەبانی، لەو وێنەیەی خوارەوەدا بدەیت:




وێنەی مەلا مستەفای بارزانی بەنزمی هەڵواسراوە، ئەمەش هۆی ئەوەیە کە نەخشەکێش و دانەری ئەو وێنەویە باش زانیوێتی کە ئەم بۆنەیە زیاتر بۆ تەلەفزیۆنە و تاڵەبانی دائەنیشێت و کامێراچیش تاڵەبانی پشان دەدات، هەربۆیە وێنەکە بەشێوەیەکی دیار و ڕوون و بەقەستیی زۆر نزم دانراوە بۆ یە جوان دەربکەوێت لە تەلەفزوێندا و سەرنجی بینەر ڕاکێشێت. تەنانەت کە تاڵەبانی هەڵئەستێتە سەرپێ، نزمیی وێنەکەی مەلا بارزانی زوو سەرنجت ڕائەکێشێت و نیشانەی پرسیار دروستئەکات.

بەڵام لە نموونەی دووهەمدا، بەپێچەوانەی ئەو نموونەیەی سەرەوە، دوو وێنەی بارزانی لە کاتی فێستیڤاڵی کوردستان لەهەولێر کە 2004/12/15 دەستیپێکرد، وێنەکان زۆر بەبەرزیی دانراون:




ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە هۆڵەکە گەورەیە و پێکهاتووە لە چەند ڕیزێک خەڵک و تا کەسەکانی ناو هۆڵەکە هەموویان بەئاگابن لە وێنەکان و سەرنجیان ڕابکێشێت، وێنەکان تا توانراوە بەرز هەڵواسراون.

ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە تەنها وەک نموونە هێنراونەتەوە و بە ڕۆژانە ئەمانە بەدیئەکرێن لە میدیاکانی پارتییدا. ئەگەر لەمڕۆوە سەرنج بدەیتە میدیاکانی پارتی، ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە زۆربەی جار وێنەی بارزانی تەنانەت لەسەرووی ئاڵای کوردستانەوە دائەنرێت. تەنها هۆ بۆ ئەمە، هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی سەرنجی خەڵکیی بۆ ئاڵای کوردستان و پێشخستنی سومبولی بارزانییە دژ بە سومبولی ئاڵا. ئەمەش کە بەناڕاستەوخۆ لە نرخی ئاڵاکە کەم دەکاتەوە و بەبێ ئەوەی کەسەکان هەستبەخۆیان بکەن، پرۆسێسی مێشک شتن کاری خۆی دەکات و ئەوەندەی پێناچێت ئاڵاو بارزانی بەبێ ویستی کورد ئەبنە یەک سومبول و پاش ئەوەش وردە وردە ئاڵا دوورئەخرێتەوە و بەتەواوەتی ئەبێتە بارزانی. لەڕاستییدا بۆ زۆر کەس بووە.



وێنەی بارزانی و ئاڵای کوردستان لە پەرلەمان، لەگەڵ دوو کەس بۆ پاسەوانیکردنی کە ئەمەش جۆرێکە لە مەزنکردنی بارزانی

ئەوەی لە عێراق ژیا بێت، ئەزانێت کە سەددام حسێن ئەزموونی ستالینی بۆ مێشکشتن بەکاردەهێنا. سەددام کاتێک کە سەردانی ناوچەی ئەهوارەکانی خواروی عێراق ئەکات و بۆی

دەرئەکەویت کە خەڵکەکەی تەلەفزیۆنیان نییە، ئەبێتە کێشەیەکی گەورە و ترسناک بۆی و بەزوویی تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگیان بە دیاری پێئەبەخشێت بۆیە هەمووڕۆژێک خۆی و کوڕەکانی ببینین و کاری مێشک شتن ئەوانیش بگرێتەوە.

تێکەڵاوکردنی سومبولەکان لەلایەن زۆر ئایدۆلۆجیاوە هەردەم بەکارهاتووە. تەنانەت ئاینەکانیش بەبێ مێشک شتن برناکەن و تەمەنیان درێژنابێت و زوو لەناو ئەچن. بەشەیتانکردنی زانست لەلایەن ئیسلامەوە و فێرکردنی منداڵ وگەنج و زۆریی دووبارەو سێبارەکردنەوەی ئەبێتە ئەنجامی ئەوەی تەنانەت ئەوەی بڕواشی پێیان نەبێت زانستی لا ببێتە شەیتان. هێتلەر بەبەکاربردنی هەمان ڕێگەی تێکەڵاوکردنی سومبولەکان، شۆڤینزمی چەسپاند لە مێشکی سەدەها هەزار گەنجی ئەڵمانی و وەک ڕۆبۆت بەکاری ئەهێنان بۆ ئەنجامدانی مەرامە نەخۆشەکانی خۆی.

بگەڕێمەوە سەر بارزانییەکان، کەواتە ئاڵای کوردستان کە لەپێشدا ڕەتکرایەوە لەلایەن پارتییەوە لەیەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستاندا، ئێستە بەکاردەبرێت بۆ چەسپاندنی شەبەنگی بارزانییەکان لە مێشکی کورددا، کە زۆربەی کات وێنەی مەلا مستەفای بارزانییە. زۆر بەدڵنیاییەوە ئەڵێم کە ئەگەر کوردێکی نیشتەجێی کوردستانی بارزانی بهێنرێتە تاقیگەیەکی شەپۆلی مێشک، واتە مێشکی بە ئامێرێکی خوێنەرەوەی شەپۆلی مێشکەوە ببەسترێتەوە و پێی بوترێت هیچ قسەنەکات، تەنها سەیربکات و پاشان، ئاڵای کوردستانی پشانبدرێت و کاردانەوەی مێشکی تۆماربکرێت، دوای ئەوە وێنەیەکی بارزانی پشانبدرێت و دیسان شەپۆلی مێشکی تۆماربکرێت، دڵنیام کە جیاوازی نابێت لەنێوان ئەو دوو شەپۆلەدا؛ چونکە ئۆتۆماتیکی لەمێشکیدا ئاڵای کوردستان و بارزانی بونەتە یەک هێما و یەک کاردانەوەیان هەیە لە مێشکیدا. کەئەمەش زۆر زۆر ترسناکە.

بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ بارزانییەکان، مێشکشتن زۆر لە تێکەڵاوکردنی سومبولەکان زیاترە. تا ناوی مەلا مستەفای بارزانی مەزنتر و زەقتربێت، نەوەکانیشی دەسەڵاتیان بەهێزتر و تەمەندرێژتر ئەبێت. هەربۆیە، پێشگری ناوی مەلامستەفای بارزانی نەمرە و ئەوەی ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندووە. کەواتە مەلا مستەفای نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو بوونە پێشگرەی ڕەسمیی و لە دەزگای پڕوپاگەندەی پارتییدا ڕۆژانە بەکاردەبرێن. بەڵام بۆ یەک نەمر و یەک هەمیشە زیندوو؟ ئەمە جۆرێکە لە جیاکردنەوە و مەزنترکردنی بارزانی باوکە. لەڕاستییدا، دیکتاتۆرەکەی حکومەتەکەی کۆریای باکوریش، کیم یۆنگ، کە بە ویراسەت، هەروەک بارزانییەکان، لە باوکە دیکتاتۆرەکەیەوە بوە پێشەوای ئەو وڵاتە، ئەویش بۆ باوکی و کەسێکی مردوی تری دوو پێشگری جیاواز بەکاردێنێت کە بەهەمان شێوە بۆ باوکی وشەیەکە نزیک لە نەمرەوە و وشەیەکی جیاواز بۆ مردووەکەی تر بەکاردەبرێت و بۆتە یاسا و کەس بۆی نییە سەرپێچی لێبکات. پەرلەمانی کوردستانیش، لیستی زەرد بەبێ بەشداری لیستەکانی تر، بڕیاریدا کە وێنەی بارزانی باوک لە هەموو دامودەزگا حکومی و ناحکومیەکاندا، هەڵبواسرێت.

کەواتە سومبولی بارزانی زۆر پێویستە کە جێی سومبولی ئاڵا بگرێتەوە، بۆ نەهێشتنی مەترسیی سومبولی ئاڵا. هەروەها زۆر پێویستە کە زوو زوو وێنەی بارزانی پیشانی خەڵکیی بدرێت لە ڕێگەی هەموو میدیاکانەوە. شەقام و چوارڕا و ناوی خولی وەرزش و هتد، هەمووی بەناوی

بارزانییەوە هەبێت و بنرێت. هەوڵی نووسینی کتێب سەبارەت بە بارزانی و کڕینی نووسەرە نەفس نزمەکان (وەک حەمە سەعید) بۆ بەشانوباڵهاتنی بارزانییەکان، کە ئەمانە هەمووی بە پارەیەکی زۆر ئەنجام دەدرێت. سەیرلەوەدایە کە بەپارەی کورد خۆی، خودی کوردی پێ ئەکڕنەوە!

خێڵی بارزانی خێڵێکی زۆر دواکەوتوون. دژی دەرکەوتنی ئافرەتن. تا بڵێی نەژاد پەرستن، بارزانی پەرستن. نەژاد بۆ ئەوان بارزانییە نەک کورد. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە لە خێڵێکی وا دواکەوتوودا، چۆن مەلا مستەفای بارزانی بووە پێشەوای ناسیۆنالیزمی کورد؟! ئایا کورد کەسێکیان نەدۆزییەوە کە هیچ نەبێت کەمێک مۆدرن و ڕێزگربێت لە ئافرەت و بە موقەددەسی دانەنێت و وەک مرۆڤێکی ئاسایی ئەم جیهانە تەماشای بکات؟ لێرەدا من پێویستیم بە کتێبەکەی جۆنەثن ڕاندالە. من کەسێک نیم شایەتحاڵی پەنجا و شەستەکان بووبم.

جۆنەثن ڕاندال لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە بیرۆکەی نووسینی کتێبێک سەبارەت بە کورد و کوردستان ئەکەوێتە مێشکیەوە. هەر لەو ساتەوە، لەپەیوەندیکردنی بە قاسملۆوە بۆ هەموو ئەو چاوپێکەوتنانەی کە تەنانەت لە گەڵ سەرۆکی یەکەکە، عەبدوڵا ئۆجەلان، ئەنجامی داون، جۆنەثن ڕاندال نزیک 35 ساڵ ئەزموونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کورد پەیدادەکات. دەیەها کتێبی سەبارەت بە کورد و کوردستان دراسە کردووە. ڕاندال بەرەگەز ئەمەریکییە و پەیامنێری بەناوبانگی ڕۆژنامەی واشنتۆنپۆست بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بووە بۆ زیاتر لە 30 ساڵ، ئەمە جگە لە کاری چەندین ساڵەی تری بۆ نیویۆرک تایمز. پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەم نووسەرە، ڕاندال، بەهیچ جۆرێک بەڕاستەوخۆ کەسێکی تۆمەتبار نەکردووە و زۆر بە ڕێز و جوانی ڕەخنەی گرتووە لە سەرکردە کوردەکان. تەنانەت ئەمەندە ڕەخنەکانی جوان و شیرینن کە هەندێک جار سەر لە خوێنەر تێکدەدات و لەبیریدەباتەوە کە ڕەخنەن.

من تەرکیز ئەکەمە سەر چەند بەشێکی کتێبەکەی ڕاندال. هۆی بوونی مەلامستەفای بارزانی بە سەرکردەی ناسیۆنالیزمی کوردی و هەندێک لە شەخسییەت و ژیانی، پاشان دوو خیانەتی یەک لەدوای یەکی، کە من بەگەورەترین خیانەتی مەلا مستەفای بارزانی دائەنێم، باسئەکەم. ئەمە جگە لە چەند خیانەتێکی بچکۆلەتری (بچکۆلەتر نەک بچکۆلە) بۆ بەرژەوەندی شای ئێران دژ بە کوردی ئەو ناوچەیەش ئەخەمەڕوو.

ڕاندال ئەنووسێت:

[ بۆ سێهەم جار لە ساڵی 1919 وە، شێخ مەحموود پێشەوایی شۆڕشی کردەوە لە سلێمانی. لە نامەیەکی توڕەیدا بۆ عوسبەی ئومەم، شێخی نەمر باسی لەوە کردووە کە کۆتایی حوکمی بەریتانیا بەشێوەکی مەنتقی ئەبێت ببێتە ئازادیی ویلایەتی کوردەکان، هەروەها داوائەکات کە هەرچی پەیوەندییە لەهەچ جۆرێک لەگەڵ بەغداددا ببچڕێنێت. شێخی نەمر ئەفەرموێت: "ناتوانین ئەو ڕاستییە قبووڵبکەین کە تەنانەت هەندێک لە میللەتە دواکەوتووەکانی ئەفریقاش مافی چارەی خۆنووسینیان دراوەتێ و هەمان ماف ڕەتکرێتەوە بۆ کورد... ئەگەر هێزەکانی عەرەبەکان لە بەغداد پشتگیریی تانک و فڕۆکەی جەنگییان لێنەکرێت لەلایەن حکومەتی ئینگلیزەوە، کە ئێوەی بەڕێز (عوسبەی ئومەم) پاڵپشتی یاساییتان بۆ بەڕێوەبردنی بەناویەوە

کردووه، دووبارەکردنەوەی مێژوو و چوونەناو بەغداد و داگیرکردنی (لەلایەن شێخی نەمرەوە) تەنها مەسەلەی چەند ڕۆژێکە".]

ڕاندال بەردەوام ئەبێت و ئەنووسێت:

[ هەروەک شێخ مەحموود زۆر بەتەواوی پێشبینیکرد، هێزی ئاسمانی ئینگلیز یارمەتیی هێزەکانی عێراقییاندا و هەموو ئەو بەرگرییانەیان دامرکاندەوە کە بۆ یەکەمین جار لەسلێمانییەوە سەریهەڵدا. مانگرتنێکی سەرتاسەریی لە سلێمانی کە کرێکار و تاجر و خەڵکی شاری ئاسایی بەدەربڕینی هەستی ناسیۆنالیستیی کە بۆ یەکەمین جار دەستی پێکردبوو. هەرچەندە ئەو شۆڕشە شەش مانگییە لە مانگی چواری 1931 کۆتایی پێهات، بەڵام لە مانگی یانزە شۆڕشێکی تر دەستیپێکرد، ئەمجارەیان لە بادینان، کە لەوێ کوردەکان دژی وەرگرتنی عێراق بۆ عوسبەی ئومەم وەستانەوە. کە ئەمانیش دژی نەخشەکانی حکومەت بوون بۆ نیشتەجێکردنی هاوردە مەسیحییەکانی ناوچەی هەکاری سەر بە تورکیا لە ناوچەکانیان، ئەو مەسیحییانەی کە لە لەشکری ئینگلیزدا بەشدارییانکردبوو دژ بە کوردەکان. لە بەهاری ساڵی 1932 دا، ئەمانیش سەرکوتکران بە یارمەتییدانی هێزی ئاسمانی ئینگلیز. بەڵام ئەم ڕاپەڕینە بووە هۆی دەرکەوتنی شێخ ئەحمەدی بارزانی و برا گەنجترەکەی، مەلا مستەفای بارزانی، کە شوێنپێی بارزانییەکانی پێشوویان گرت کە پێشتر دژ بە عوسمانییەکان شەڕیانکردبوو. ئەمانیش ڕائەکەن بۆ تورکیا و لەوێ دەستگیرئەکرێن و تەسلیم ئەکرێنەوە بە حکومەتی عێراقی. وەک سزا، هەردووکیان دوورئەخرێنەوە بۆ جنوبی عەرەب. پاشان ئەگوێزرێنەوە بۆ شاری سلێمانی و لە خانویەکدا لەژێر چاودێریدا ئەهێڵرێنەوە و لە سلێمانی، لە پایەتەختی کلتووری کوردستان، مەلا مستەفای بارزانی چاویئەکرێتەوە و تەسقیف ئەکرێت و لە چەکبەدەستێکی نائاشنا بەشارستانێتیەوە ئەبێتە پێشەوای ناسیۆنالیزمی کورد. ]

ڕاندال بەردەوام ئەنووسێت:

[ ئەو کوردە ناسیۆنالیستانەی کە مەلا مستەفای بارزانیان ئەناسی لە سلێمانی ئەڵێن: تەسقیفکردنی مەلا مستەفای بارزانی زۆر خاو و گرانبوو. ئەمان خەڵکی چەپی شار بوون و مەلا مستەفای بارزانیش کەسێکی دواکەوتوو و خێڵپەرست. کە باس دێتە سەر سیاسەتێکی پراکتیکیی، مەلا مستەفای بارزانی بەهۆی کەمی خوێندەواری و فاشستیبوونییەوە (authoritarian)، هەردەم هەستی بە ئارامی نەکردووە لەگەڵ ئەم کوردە شارییانەی کە لە قوتابخانە و زانکۆکانی حکومەتی بریتانییدا پێگەیشتبوون و چاوەڕێی ئەم بوون ببێتە هێزی بازووی ژێردەستییان. ئەوەی کە سەیرە لێرەدا، کوردە چەپە ناسیۆنالیستەکان کە دژی سیستمی فیودڵیزم و خێڵپەرستیی بوون، بۆیان دەرئەکەوێت کە لەشکریان نییە، و تەنها بارزانییەکان (لەگەڵئەوەشدا کە خێڵپەرست و دواکەوتوون) کۆنترۆڵی خێڵەکانیان بەدەستبوو، هێزی بازوویان هەبوو بۆ بەدیهێنانی خەونەکانیان بۆ پێکهێنانی حوکمێکی ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی بۆ کوردستان. ]

کەواتە مەلا مستەفای بارزانی بەهۆی ناچاریی کوردە ناسیۆنالیستەکانەوە ئەکرێتە سەرکردەی ناسیۆنالیزمی کوردیی. ناچاریی ئەوەی کە تەنانەت سیاسەتی ڕاست و پراکتیکیش گەر هێزێکی

بازووی لەپشتەوە نەبێت، نابێتە بەدیهێنانی خەونی ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی. وادەرئەکەوێت کە هەمان ئەو کوردە ناسیۆنالیستانەی شاری سلێمانی زانیویانە کە فاشـــستپەرستێکی وەک بارزانی مەترسیی هەیە و هەر بۆیە هەوڵێکی زۆریان داوە تەسقیفی بکەن، فێری کوردایـەتیـی و تەساموحی بکەن. مەبەستی من تەنها لێرەدا ئـەوەیـە کـە، ئـەگـەر خـەڵکانی سیاسـەتمـەدار و ناسیۆنالیستەکانی کوردی ئەو کاتـە چارێکی تریـان هـەبوایـە وەک هێزێکی بـازوو، کـەسێکی کۆنەپەرستی وەک مەلا مستەفای بارزانی هەرگیز نەئەبووە سەرکردەی ناسیۆنالیزمیی کورد. لە راسـتییدا، ئاسـتی خوێنـدەواری مـەلا مـستەفـا نـەک بـەس نییـە بـۆ بـوون بـە سـەرکـردەی نوسیۆنالیستی کوردی، بەڵکو بەس نییە بۆ بەڕێوەبردنی مزگەوتێکیش.

پێش باسکردنی خیانەتەکانی مەلا مستەفای بارزانی، ئەمەوێت بڵێم کە زۆر شتی سەیروسەمـەرە هەیە سەبارەت بە شەخسیەتی کە ئەمەوێت باسی لێوە بکەم. یەکێک لەوانە حوکمدان و کوشتنی هەچ کەسێک بووە کە سەرپێچیی قسەکانی کردبێت تەنانەت جارێکیان بە پێنووسە ئاڵتونـەکـەی حوکمی کوشتنی پێشمەرگەیەکی ئەنووسێت و ئەینێرێت بۆ کـەسـانی دیـاریکراو و بـەجێهێنـانی کوشتنەکەشی لەیەک ڕۆژدا ئەنجام ئەدرێت هەر لە بەر سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی. کاتێک کـە کەسێکی سەر بە ئیسخباراتی ئیسرائیلی، ناوبانگ بە مۆساد، لێیئەپرسێت کە سوودی نووسینی حوکمەکە چی بوو کـە هـەمـووی لـەیـەک ڕۆژدا ئـەنجامـدرا، بـارزانیش بـە شـێوەیـەکی گاڵتـەو زەردەخەنە ئەڵێت: ئەی عەدالەت بەجێنەهێنین! هەر وەک گاڵتەی بە عەدالەت هاتبێت.

لەکاتی شۆڕشدا و گوایـە لـە شـاخ و سـەرقـاڵ بـە شۆڕشـەوە بـۆ کـورد، هـەمـان ئیـستخباراتی ئیسرائیل ددانسازێک و ئامێرێکی ددانسازیی کە بـەپـێ کـاریکردووە، لـە ئیـسرائیلەوە بـەفڕۆکـە ئەنێرن بەتایبەت بۆ مەلا مستەفا بۆ تازەکردنەوەی ددانەکانی! من پێم سەیرە، شاخ و شۆڕش و ددانی تازە! گەر داخوازی بارزانی خۆی نەبووبێت بۆ ئەمە، ئیسرائیل چۆن لەخۆیەوە مـەکینـەی ددان، کە ئاخۆ چەند قورس بووبێت، (لە ئیسرائیلەوە بۆ ئێران پاشان بۆ عێراق) ئـەنێرێت بـۆ بارزانی؟ ئەمەش کە دەلیلێکی زۆر بەهێزە کە بارزانی بیری لەدەمودانی کردۆتەوە لـەکاتێکدا کـە کوردی بەرەو مالۆیرانییەکەی 1974 بردووە. دێمەوە سەر ساڵی 1974 .

پڕوپاگەندەی ئەمڕۆی بارزانییەکان ئەوەیە کە گوایە مەلا مستەفـای بـارزانی هـەمیـشە لـە پـێش پێشمەرگەکانییەوە بووە و شـەڕیکردووە، بـەڵام، سـەیـر نییـە بـۆ جـارێکیش برینـدار نـەبـووە! بارزانی نەک هەر بەشداریی شەڕیی نەکردووە، بەڵکو لـە دووریـیـەکیـشدا نـەبـووە کـە مـەترسی بەرکەوتنی فیشەکی تێدا هەبووبێت. زۆربەی ژیانی ڕاکردن بووە لەو لایەنانەی، کە لەبـەر هـەچ هۆیەکبووبێت، بەدوایەوە بوون بۆ دەستگیرکردنی. ئـەوەی ئـەمڕۆ ئـەبیـسترێت گوایـە بـارزانی هەستی شەشەمی هەبووە و پێشبینی مـەترسی کـردووە، مـەلا مـستەفـای بـارزانی چوبێتـە هـەچ شوێنێک جارێکی تر نەچۆتەوە هەمان شوێن، هەروەک دیکتاتۆرە خۆپەرست و ژیانویـستەکـانی مێـژوو و ئـەمڕۆ، ئـەمـەیـە کـراوەتـە هـەسـتی شـەشـەم! وادەرئـەکـەوێت بـارزانی ژیـانی زۆر خۆشویستبێت و هەموو هەوڵێکی خۆی داوە دووربێت لە مـەترسی مـردن، ئـەمـەش پێچـەوانـەی پێناسەی پێشمەرگەیە کە نـەتـرس و ژیـان نـەویـستە بـۆ خـاک و گـەلـەکـەی (نـەک بـۆ خـۆی و خێڵەکەی). دوا ڕۆژی ژیانی مەلا مستەفای بارزانی ئەیسەلمێنێت کە کەسێک بـووە زۆر ترسـاوە لە مردن، ئەمەش بەزۆری لەوێدا دەرئەکەوێت لە ئەمەریکا داوای لێئـەکـەن کـە بـاس لـە ژیـانی بکات و تۆماربکرێت و ئەو ئەوە ڕەتدەکاتەوە و ئەڵێت ئەوە تەپڵێدانە بۆ مـردنم. لـەڕاستییدا،

مەلامستەفای بارزانی بەکەڵی نەمرد؛ هەر وەک کاتی ئاشبەتاڵ پێشمەرگە ڕاستەقینە، خۆنەویستەکان وتبوویان ئەبوایە لەبری ئاشبەتاڵ خۆی بکوشتایە، ئەم لەبری بەرگریکردن لە نەتەوەکەی، لەپێشیانەوە چەکی فڕێداو ژیانی خۆی و خێڵەکەی هەلبژارد.

گەر بەپەلە بمەوێت باسی چەند خاڵێک لەسەر شەخسییەتی بارزانی بکەم کە لە خوێندنەوەی کتێبەکەی ڕانداڵ و وێنەکانی بارزانی خۆیدا بەدییان ئەکەم، مەلا مستەفای بارزانی کەسێک بووە حەزی بە کەلوپەلی سەرنج ڕاکێش کردووە، وەک پێنووسی ئاڵتوون و چەکی بریقەدار و کاتژمێری بەنرخ، هتد. تەنانەت ئەوانەی کە کارێکیان هەبووبێت بە بارزانی، دیارییەکی سەرنجڕاکێشیان بۆ هێناوە، وەک قەڵەمە ئاڵتونەکەی. لە وێنەکانیدا ڕوونە کە موعجەب بووە بەخۆی، ویستوویەتی وێنەی لێبگیرێت. لەهەندێک وێنەیدا دیارە هەوڵیداوە بەشێوەیەکی دیاریکراو دەرکەوێت.

زۆر جار ئەبیستین گوایە مەلا مستەفای بارزانی خیانەتی نەبووە. گوایە لەبەر عەشایەریی بوونی، هەر ئەوەندەی پێکراوە. زۆر جاری تریش ئەبیستین بارزانی هەڵەی هەبووە، بەڵام هەرگیز خیانەتی لە کورد و کوردستان نەکردووە. هەمدیسان، پێویستییم بە کتێبەکەی ڕانداڵ هەیە و پێم باش چەند دێڕێکی لێوەربگرم.

ڕانداڵ ئەنووسێت: (ئەمە لە کاتی حکومەتە تەمەن کورتەکەی مەهابادا)

[ بارزانی هەرگیز ڕقوکینی (دژ بە کوردە ئێرانییەکان) نەشاردۆتەوە و ئەمەش ئەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردە ئێرانییەکان بۆ چەندەها دەیەی داهاتوو. ... ئەو گرێبەستانەی کە لەگەڵ شای ئێران بەستی هەمووی دژ بە بەرژەوەندی کوردە ئێرانییەکان بوو. بۆ بارزانی، بەرژەوەندی کورد لە عێراق پێش هەموو بەرژەوەندیەک بوو. هەرگیز باوەڕی نەرمنەبووە بەوەی کە کوردە ئێرانییەکان، لەگەڵ کوردی سوریا و تورکیاش، پێویستە بەرژەوەندەی خۆیان بکەنە قوربانی بەرژەوەندی کورد لە عێراق. ]

هەروەک دەرئەکەوێت، مەلا مستەفای بارزانی و هەموو ئەو خزمانەی لەدەوری بوون و متمانەی پێکردوون، بازنەی ناوەکی پارتی، کەسێکیان هەستی نەتەوایەتی دەرنەبڕیوە، بەڵکو بۆ ئەوان بەرژەوەندی بارزانییەکان لەسەرروو هەموو بەرژەوەندیەک بووە. ئێمە هەرگیز تازە نازانین بوونی بارزانی لە مەهاباد تاچەند بۆ سەرکەوتنی حکومەتەکەی مەهاباد بووە و چەند بۆ تێکدانی بووە. هەروەک بارزانی هەرگیز لەو باوەڕە لاینەداوە کە کورد لە عێراق پێش هەموو شتێکە و ئەبێت کوردی ناوچەی تر ببنەقوربانی ئەمان.

یەکێک لە پاسەوانە شەخسییەکانی مەلا مستەفای بارزانی ئەڵێت:

[ لە کتێبەکەی ڕانداڵەوە: "هەموو ئەو شەڕانەی کە بەشداربووم تێیاندا، بۆ بارزانیم کردووە، بۆ کوردستانم نەکردووە"]

پاسەوانی شەخسی مەلا مستەفا بێگومان زۆربەی ژیانی لەگەڵ خودی بارزانی بردۆتە سەر. هەستی نەتەوایەتی ئەم پاسەوانە، بەبێ گومان، هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ هەستی نەتەوایەتی خودی بارزانی خۆی. ئەگەر بارزانی کەمێک هەستی نەتەوایەتی هەبوایە، پاسەوانەکشی بێگومان هەمان هەستی ئەبوو. لەڕاستییدا، پێشمەرگە دێرینەکانی کوردی سۆرانیش هەردەم ئەم گومانەیان هەبووە سەبارەت بە بارزانی کە چۆن جیاوازی کردووە لە نێوان بادینی و سۆرانیدا. بەتایبەت کە چۆن بارزانی پەرستبووە تا کورد و کوردستان پەرست.

تائێستە باسی خیانەت نەکراوە، بەڵکو باسی هەڵەش نەکراوە. ئەمانە تەنها کەمە خاڵێکن سەبارەت بە سایکۆلۆجیای بارزانی و چۆنێتی بیرکردنەوەی کە لە بارزانی پەرستێکی دواکەوتوو، هیچی تر بەدیناکرێت لێی.

بگەڕێمەوە سەر ڕانداڵ، ڕانداڵ ئەنووسێت:

[ساڵی 1968 ، کاتێک گەنجی کوردی ئێرانی هەڵئەسن بە سازدانی ڕاپەڕینێک لە ئێران، ئەبێتە تووڕەبوونی بارزانی و ئیعدامکردنی سەرکردەیەکی کورد (ئێرانی) بەناوی سلێمان موعینی کە پەنابەر بووە لە عێراق. پاشان بارزانی مەیتەکەی تەسلیمی پیاوەکانی شای ئێران ئەکات و ئەوانیش بە هەڵپەرکێ و سەما مەیتەکەی ئەگەڕێنن بە شارەکاندا. زیاتر لە 43 کوردی ئێرانی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پەناهەندە بوون لە عێراق لە نێوان 1961 بۆ 1975 ، یان کوژراون یان دەستگیرکراون لەلایەن بارزانییەوە و تەسلیم بە حکومەتی ئێران کراونەتەوە بۆ ڕازیکردنی شا. ]

لەڕاستییدا، بارزانی هەچ کاتێک شتێکی ویستبێت لە شای ئێران، لاشەی کوژراوی، یاخود بەزیندووی، کوردێک یان چەند کوردێکی ئێرانی پێشکەش بە شای ئێران کردووە و هەندێک جار تەنها بۆ ڕازییکردنی شا و دووبارەکردنەوەی دڵسۆزیی خۆی بۆ شا ئەم کارانەی ئەنجامداوە.

ئەوەی کە من ناتوانم بڵێم ڕاستە یان ناڕاستە، هەندێک لە کوردی ئێران، ئەوانەی بەتەمەنن و لە بیریانە، ئەڵێن بارزانی بووە هۆی شکستخواردنی حکومەتەکەی مەهاباد و گرێبەستە نهێنییەکانی لەگەڵ شای ئێران بۆ یارمەتیدانی لە ناو عێراق، یارمەتی شای داوە بۆ ڕووخاندنی مەهاباد. بەڵام ئەوەی کە ئەبێتە پاڵپشتی ئەمە، بارزانی دوای چەند ڕۆژێک پاش ڕووخانی مەهاباد، مۆڵەتی حکومەتی ئێرانی پێدەدرێت و یەک مانگ لە تاران ئەمێنێتەوە هەر ئەو کاتە هەوڵێکی زۆریش دەدات بۆ بەدەستهێنانی پەنابەرێتی سیاسی لە ئەمەریکا. لێرەدا ئەپرسم، ئەگەر مەلامستەفای بارزانی، هەروەک پڕۆپاگەندەی بۆ ئەکرێت ئەمڕۆ، بەڕاستیی و دروستیی هەوڵیدابێت بۆ بەرگریکردن لە حکومەتەکەی قازی محەممەد لە مەهاباد، چۆن پاش چەند ڕۆژێک شکستخواردنی ئەو حکومەتە، بارزانی گەیشتە تاران و مانگێک بە بەڵگەنامەی شاوە مایەوە لە تاران؟!

ساڵی 1974 ، مەلامستەفای بارزانی، بەبێ هیچ جۆرە گفتوگۆیەک یان پرسکردنێک بە کەس (تەنانەت سەرکردایەتیە سەقەتەکەی پارتیش)، بڕیاری ئاشبەتاڵی، بەشێوەیەکی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو، ڕاگەیاند. دەسبەجێ پێشمەرگەیەکی زۆر کاری خۆکوژی بەجێئەهێنن پاش

ئەوەی بۆیان دەرئەکەوێت هەڵخەڵەتێنراوبوون. سەدەها هەزار کورد بەرەو ئێران و سنوورەکانی ئێران ئاوارە و دەربەدەر ئەبن.

ڕانداڵ ئەنووسێت:

[ بڕیارە کتوپڕەکەی بارزانی تووڕەبوونێکی زۆر تا ئەمڕۆش درووستئەکات. زۆر هەوڵدرا کە پەشیمان بێتەوە لە بڕیارەکەی، بەڵام بەبێ ئەنجام بوو.]

هەوڵەکانی کوردە دڵسۆزەکان و پێشمەرگە ڕاستەقینەکان بەردەوام بووە بۆ پەشیمانکردنەوەی بارزانی و تەنانەت پێشنیاری بۆ ئەکرێت کە کوڕێکی دانێت لەجێی خۆی هەروەک خۆی تەمەنی زۆر بووە، بەڵام هیچ شتێک لە بڕیارەکەی پەشیمانی ناکاتەوە و، هەروەک دەرئەکەوێت، تازە گرێبەستی لەگەڵ شا (کەس نازانێت کێی تریش) کردووە و ڕازیش بووە لەسەر پارەیەکی زۆر کە پێی دراوە لەبری هەڵوەشاندنەوەی شۆڕش و ئاشبەتاڵکردنی.

ڕانداڵ بەردەوام ئەنووسێت:

[ سامی عەبدولڕەحمان ئەڵێت: "لەبیرت نەچێت، بارزانی ئەو کاتە هەروەک نیمچە خوا وابوو. لەو بڕوایەدام کە ئەگەر بارزانی گەنجتربوایە و خێزانەکەی ئەوەندە دەوڵەمەند نەبووناية، ئاشبەتاڵی نەئەکرد، بەڵام گەنج نەبوو و ئێرانیش بە ملوێن پارەی دابوویە" ] سامی عەبدولڕەحمان، کە ئەمیش بارزانی بوو، جێگری نێچیروان بوو لە حکومەتەکەی پارتی، بەڵام لە تەقینەوەیەکی سەیردا کوژرا)

ئەوەی ئەمڕۆ زۆر بەدڵنیاییەوە ئەتوانرێت بوترێت، ئەو پارەیەی کە مەلا مستەفای بارزانی دەستی ئەکەوێت و لەگەڵ خۆی و خێزانەکەی (بەبێ ئەوەی کەسیان ڕووشاویەک لە گیانیاندا بووبێت) بەرووەو ئێران ئاودیوی دەکات، مەزەندە دەکرێت بە 70 ملیۆن دۆلار. حەفتا ملیۆن دۆلاری ئەو کاتە، ساڵی 1974 . هیچ شۆڕشێکی ئەم دنیایە بەو شێوەیە کۆتای پێنەهاتووە کە سەرکردەکەی بە حەفتا ملیۆن دۆلار نەتەوە و خاکەکەی بفرۆشێت. ئەمەیە گەورەترین خیانەتی مەلامستەفای بارزانی. بەڵام هێشتا یەک خیانەتی تری ماوە کە بیکەمە دواباسی ئەم نووسینەم.

پێش ئەو باسە، داوات لێئەکەم وردبیتەوە لەم دوو وێنەیە و پرسیار بکەی لە خۆت، ئەکرێت ئەمە بە سەرکردەی کورد بژمێردرێت؟



**بارزانی پێش ئاشبەتاڵ**



**بارزانی دوای ئاشبەتاڵ، پاش دەوڵەمەند بوونیان**

**ئێستە کاتی ئەوە هاتووە کە چەند دێڕێک لەسەر کاتی مانەوەی بارزانی لە ئەمەریکا بنوسم و دوا خیانەتی بارزانی بخەمە ڕوو کە بەدووەم خیانەتی مەزن و قێزەونی بارزانی دائەنێم.**

**پاش ئاشبەتاڵ، بارزانی زۆر زۆر هەوڵی ئەوە دەدات کە هەموو ئەندامانی خێڵەکەی ڕاکێشێت بۆ ئێران و نزیک بن لە خۆیەوە. لەوانە کەسێکی نزیکی خۆی ئەنێرێت بۆ یارمەتیدانی خێڵەکەی لەناو عێراق، بەڵام پێشمەرگەی بەشەرەفی زۆر تووڕە لە بارزانی، ئەو کەسە ئەگرن و دەسبەجێ ئەیکوژن، ئەوانەش کە بەنیازبووە ئاودیویان بکات بۆ لای بارزانی، هەموویان ئەکوژن کە بێگومان یان بارزانی بوون یان زۆر نزیک بوون لە خێڵی بارزانی.**

هەروەک پێشتریش باسمکرد کە بارزانی کاتی شکستخواردنەکەی مەهابادیش لە تاران هەوڵی وەرگرتنی پەناهەندەی سیاسی لە ئەمەریکا دەدات، پاش ئاشبەتاڵیش و بە بیانووی نەخۆشی سەرەتان، بارزانی دیسان داوای ڤیزەی ئەمەریکا دەکات و دواجار بەرەو ئەمەریکا بەڕێئەکەوێت. بۆ ئەم نووسینە، ئەوە گرنگ نییە کە چۆن ڤیزە و بەڕێئەکەوێت بۆ ئەو وڵاتە، بەڵکو، پاش گەیشتنی بۆ ئەمەریکا گرنگە کە باسکرێت.

تەنانەت ئەو کاتەش ئەمەریکا گەورەترین دەسەڵات بووە لە جیهاندا و گەلی ئەمریکی ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە سیاسەتی ئەمەریکادا. لەگەڵئەوەشدا کە بارزانی لە ئەمەریکا لە ژێر چاودێریدا دائەنرێت و ڕێی پێنادرێت کە بە ئازادی بگەڕێت و پەیوەندی بکات، بەڵام،...

ڕاندال ئەنووسێت:

[ دۆسکی (محەممەد دۆسکی کە وەک وتەبێژی بارزانی ئەبێت لە ئەمەریکا) زۆر دڵگرانبوو لە فەرمانی بارزانی بۆ دووربوون لە میدیا و ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکی، فەرمانەکەی ئەشکێنێت و پەیوەندی ئەکات بە دانیاڵ شۆرەوە لە کەناڵی سیبیئێس ( CBS )، دانیاڵ ئەیەوێت چاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بارزانی سازبدات و بارزانی باسی خیانەتی ئەمەریکا بکات دژ بە کورد، بەڵام بارزانی ڕەتیدەکاتەوە. بارزانی ئەیویست لە ئەمەریکا بمێنێتەوە و نەیویست مانەوەی و ڤیزەکەی بخاتە مەترسییەوە.]

جارێکی تر، خۆپەرستی و خۆویستیی بارزانی بووە هۆی خیانەتێکی گەورەی تری دژ بە کورد. ئەگەر بارزانی بەرژەوەندی خودی خۆی و خێڵەکەی تەنها بۆ یەکجار بخستایەتە لاوە و ئەو چاوپێکەوتنە ڕاستەوخۆیەی سازبدایە، سیاسەتی ئەمەریکا، بە بێ گومان، ئەگۆڕدرا سەبارەت بە کورد و هیچ نەبێت یارمەتی ئاوارەکانی سنووری ئێران دەدرا. بەڵام بارزانی، هەروەک دوایی ڕووندەبێتەوە، زۆری حەز بەمانەوە کردووە لە ئەمریکا و پێی ئەچێت دەسەڵاتی ئەو کاتەی ئەمەریکا پێیان وتبێت ئەگەر نزیک نەکەوێتەوە لە میدیاکانی ئەمەریکا، ئەوا کارتی سەوزی پێدەدرێت.

خۆپەرستی مەلا مستەفای بارزانی، ئەمڕۆ ئەتوانرێت زۆر جوان بەدی بکرێت لە نەوەکانیشیدا. 1996/8/31 یەکێکە لەو کاتانەی کە بارزانییەکان سەلماندیان کە بۆ مانەوەی خۆیان و دەسەڵاتیان، هیچ شتێک نییە بیانوەستێنێت، ئەگەریش ئەو شتە دەستخستنەناودەستی سەددامی ئەنفال و هەڵەبجەش بێت.